www.regayrasty.com

# لاوان كاتى ئەوە نەهاتووە بگەڕێینەوە ؟!

نووسینى
دكتۆر/ مهدي قاضي

وەرگێڕانى
فەرمان نجار

# أمـــــا آن أن نعـود يا شباب الأمة ؟

بسم الله الرحمن الرحيم

(( پێشەكی وەرگێر ))

الحمدلله وحده ، والصلاة والسلام على من لا نبيَّ بعده ...

أما بعد..

لاوانی ئازیز پێش ئەوەی ئەم تەمەنە جوانەی لاویتان لە دەست بچێت ، پێش ئەوەی چاوەكانتان كزۆلی بێت و تووشی پیری و نەخۆشی و بێ هێزی بن ئاگاتان لە تەمەنی لاویتان بێت ، بزانن لە چیدا سەرفی دەكەن ، پێش ئەوەی ڕۆژێكتان بە سەردا بێت كە هیچ شتێک سوودتان پێ نەگەیەنێت ، جگە لەو كارە چاكانەی كە ئەنجامتان داوە چونكە مرۆڤ لە تەمەنی لاویدا دەتوانێت سوودێک بە دەست بێنێت و توێشوو بۆ دوارۆژ دابین بكات و ڕۆژی خۆشی لای خەڵكی سپی بكات ، جا بۆیە

منيش هەڵسام بە وەرگێرانی ئەم نامیلكەیە ، كە چەند ووتـــەی نەستەقی تیایە ، بەڵكو لاوان لێی سوودمەند بن ، وە بزانن كە خوای گەورە مرۆڤی بۆ بەندایـــەتی خـــۆی و چاكســـازی و ئاوەدانكردنەوەی زەوی بەدی هێناوە نەک بۆ خراپـــەكاری و فەسادو و رابواردن ، لە كۆتایـ*ـدا داواكارم لە خوای گەورە هەموو لایەكمان سەرفراز بكات لە دنیا و دوارۆژ .

فەرمان نجار
2005/7/ 20
هەولێر ـ كوردستان

**لاوان كاتی ئەوە نەهاتووە بگەڕێینەوە ؟!**

یا شباب الحق أدعوكم وفي قلبي لهيـــب . . .
أمتي تشكو الأسى والمسجد الأقصى
سليــــــب

كيف قلبٌ مسلم لله بالذل يطيـــــــــــــــب . . .
يا شباب الحق " هُبّوا " ليس يجدينا النحيــب(1)

براو خوشكی موسڵمان به ڕاستی ئێوه جێگای ئومێدن(2) , دەزانین كه ئێوه خێری زۆرتان لێ چاوەڕوان دەكرێت به پشـــتیوانی خوا , هەر ئێوەن كه چاوەڕوانی جوامێری و شكۆمەندی و غیرەتتان لێ دەكرێت له سەر پاراستنی ناموس و كەرامەتی موسڵمانان ...

بەڵام داخی گرانم ئێوه سەرقاڵن به خراپەكاری و كات به فیڕۆدان و بێ فەرمانی خوا , كه دووژمنانی دین ئەم دەرگایەیان بۆ ئێوه واڵا كردووه , وه هێندێ موسڵمانی نەزانیش هەڵدەستن به برەوپێدانی , داخەكەم ئێوەی لاویش بوون به یەكێک له قوربانیانی دەستی ئەوان , بەڵام (حسبنا الله ونعم الوكيل ).

مؤامرةٌ تدور علـى الشبـــاب *** ليُعرِض عن معانقة الحـراب

مؤامرةٌ تقول لهـم تعالـــــوا *** إلى الشهوات في ظل

الشراب

مؤامرةٌ مَرامِيها عِظـــــــــامٌ *** تُدَبِّـرُهـا شياطيـــن

الخـــراب

واتـــه : پیلانێکه به دەوری لاوان دەخولێتەوە تاکو پشت بکاته خواپەرستی و دینداری پیلانێکه بە لاوان دەڵێت وەرن * وەرن بەرەو پیلی ئارەزووان و ڕابواردن و خواردنەوە * بە ڕاستی پیلانێکی گەورە و سامناکە * شەیتان بە ڕێوەی دەبات تاکو خەڵک کاول بکات .

بەڕێزان لەگەڵ ئەوەش دا , ئەمانە هیچی عوزر نین کە ئێمە نەتوانین ڕەزامەندی خوا بە دەست بێنین , چونکە هەموو مرۆڤێک لێپرساوە لە لای خوا , دەبێت خۆی بە دوور

بگرێت لەو شتانەی کە خوای گەورە پێی ناخۆشە , وە ڕوو بکاتە ئەو کارانەی کە خوای گەورە پێی خۆشە .

خوای گەورە دەفەرموێ: { وكل إنسانٍ ألزمناه طائره في عنقـه ونخـرج لـه يـوم القيامـة كتابـاً يلقـاه منشـوراً.اقـرأ كتابـك كفـى بنفسـك اليـوم عليـك حسيبـا } سورة الإسراء (13- 14)

واتـە : نامەی کردەوەی هەموو مرۆڤێکمان هەڵواسیوە بە گەردەنیدا و لە ڕۆژی دوایی دا کارنامەی کردەوەکانی بـۆ دەردەهێنین و بە کراوەیی دەیخەینە بەر دەستی , ئەوسا پێی دەووترێت : ئا دەی نامەی کردەوەکانت بخوێنەوە و سەیری بکە , ئەمڕۆ هەر خۆت بڕیار بدە و حساب بۆ خۆت بکە .

لاوانی بەڕێزمان بەردەوام هەست بەوە بکەن کەوا ئوممەتەکەتان لە زەلیلی و بێ هێزی و سوکیو حاڵەتێکی زۆر ناخۆش دەژین , خراپترین حاڵەتە کە مێژوو بەخۆوەی گرتبێ , لە بیر نەکەن هەست بەو ناخۆشی و ئێش و ئازارە گەورە و

دڵ سووتێنەرە بکەن کە برا و خوشکەکانتان و ڕۆڵەکانیان تووشی دەبن , لە سەران سەری جیهان !!!

لاوان هەست بەوە بکەن بە سست کردن و دواخستنی تەوبە و گەڕانەوەتان وە هەوڵ نەدان بۆ بانگەوازی دینی خوا , ئێوە دەبنە هۆیەک بۆ دواکەوتنی ئوممەتەکەتان لە سەرکەوتن و دواکەوتنی خوشک و براکانتان لە ژێردەستەیی !!! چونکە خوای گەورە پەیمانی سەرکەوتن و سەربەرزی پێداون گەر بێت و پابەندبین بە فەرمانەکانی, کاتێک دەفەرمویَ: **{ إن تنصـــــروا الله ينصـــــركم } سورة محمد آية (7) .**

واتـــە : ئەگەر ئێوە پشتیوانی لە ئایینی خوابکەن و هەوڵی سەرکەوتنی بۆ بدەن , ئەوا خواش پشتیوانی لە ئێوە دەکات و سەرتان دەخات و سەربەرزتان دەکات .

لاوان بە دڵێکی بە ئاگاو بە هەستەوە گویَ بگرن ، گویَ بگرن بۆ ئەو بانگە گرنگەی پەروەردگارتان : **{ ألم يـــــأن للذين**

**آمنوا أن تخشـــــــــــع قلوبهم لذكر الله وما نزل من الحق ولا يكونـــــــــــــوا كالذين أوتوا الكتاب من قبل فطال عليهم الأمدُ فقســـــــــــت قلوبهم وكثير منهم فاسقون } سورة الحديد آية (16) .**

واتـــه : ئايا كاتى ئەوە نەهاتووە بۆ بڕواداران دڵەكانيان ڕاچڵەكێنن بە ويرد و يادى خوا , وەک ئەو كەسانە مەبن كە كتێبى ئاسمانيان بۆ ڕەوانە كرا , بەڵام دواى تێپەڕبوونى ماوەيەكى دوور , دڵيان ڕەق و ڕەش بوو , زۆربەشيان ياخى و سەركەش و نالەبار دەرچوون .

لاوانى بڕوادار بير لە گەيشتن بە خوا بكەنەوە ، وە بير لە ناخۆشى و سزاى ناو گۆڕ بكەنەوە ، وە بير لە بەسەرهاتى ڕۆژى دوايى بكەنەوە ، وە بير لە ناخۆشى وەستان لەبەر بارەگاى خوا بكەنەوە .

پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) : { ما منكم من أحد إلا سيكلمه ربه ليـــس بينه وبينه ترجمان , فينظر أيمن منه

فلا يرى إلا ما قدم من عمله , وينظر أشأم منه فلا يرى إلا ما قدم , وينظر بين يديه فلا يرى إلا النار تلقاء وجهه, فاتقوا النار ولو بشق تمرة } رواه البخاري ومسلم .

واتــه : هەر یەکێک لە ئێوە ڕۆژی دوایی ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ پەروەردگاری دەکات بەبێ هیچ تەرجمانێک ، جا ئەو کات مرۆڤــ سەیری لای ڕاستی دەکات هیچ نابینێت جگە لەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی داوە ، سەیری لای چەپی دەکات هیچ نابینێت جگە لەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی داوە ، هەروەها سەیری بەر دەستی خۆی دەکات تەنها ئاگر لە بەردەمی دا دەبینێت ، کەواتە خۆتان بپارێزن لە ئاگر ئەگەر بە لەتە خورمایەکیش بێت .

لاوان لە هەموو کاتێکی ژیانتاندا ئەوەتان لە یاد بێت کە ئەو خوایە گەورە و بەدەسەڵاتەی کەوا گرمەی هەورەکان تەسبیحاتی دەکات و سوپاسی دەکات ، وە مەلائیکەت لێی دەترسێن و بەندایەتی دەکەن ، ئا ئەو خوایە دەتان بینێت و

ئاگای له هەموو کارو کردەوەیەکتانه ، لاوان ئەو خوایە گەورە و بەدەسەڵات و بەڕێزەی کەوا هەموو بوونەوەر تەسبیحاتی دەکات ، ئەو پەروەردگارەی کەوا ڕۆژی دوایی ئاسمان و زەوی دەپێچێتەوە ، کەواتە سەیرکردن و بەئاگای ئەو پەروەردگارە بەکەم مەزانن !!!

www.regayrasty.com

پێــغــەمــبەر ( صلى الله عليه وسلم ):{ إني أرى ما لا ترون وأسمع ما لا تسمعون,أطت السماء وحق لها أن تئط ما فيها موضع أربع أصابع إلا وملك واضع جبهته ساجدا لله, والله لو تعلمون ما أعلم لضحكتم قليلا ولبكيتم كثيرا..} الحديث , رواه الترمذي .

واتـــه : ئەوەی من دەبینم ئێوە نایبینن ، وە ئەوەی من دەیبیستم ئێوە نایبیستن ، ئاسمان جیرە جیرِی دێـــت وەمافی خۆشیەتی کە جیرە جیرِی بێت ، چونکە ئەگەر شوێنی چوار پەنجە هەبێت ئەوە ملائیکەتێک تێدا نێوچەوانی لە کرنوشدایە بۆ خوای گەورە ، سوێند بە خوا ئەوەی من دەیزانم ئێوە بیزانن ئەوە زۆر کەم پێدەکەنن ، وە زۆر دەگریێن .

لاوی موسوڵمان ئەوە بزانە ، کەوا ئاسوودەی دنیا و دوارِۆژ لە پەیوەست بوون بە دین و بانگ کردنی خەڵکی بۆ دین دایە(3) بەڵکو ئاسوودەی راستەقینە لە دنیادا کەوا زۆرێک لە خەڵکی خەوی پێوە دەبینن و هەوڵی بۆ دەدەن بە تایبەت لاوان ، ئا ئەم ئاسوودەیی یە لە گەرِانەوە بۆ لای خوا و پەیوەست بوون بە دینی خواوە چەنگ دەکەوێت(4) ، ئێوە نامیلکەکانی (کاروانی تەوبەکاران) بخوێننەوە ، ئەو کات بە چاوی خۆتان دەبینن کەوا چۆن گەرِانەوەیان بۆ لای خوا کاری تێکردوون و ژیانی گۆرِیون ، بە شێوەیەکی وا کەوا هێندێکیان پرِ بە ناخی

دڵیانەوە دەڵێن:((بە راستی ئێمە وا هەست دەکەین کە وا تازە لە دایک بووینە ، وە ژیانی راستەقینەمان لە سەرەتای گەڕانەوەمان دەستی پێکرد)) لاوانی بەرێز گوێ بگرن و بڕوانن بۆ ووتەی هێندێک لەو کەسانە کە تەوبەیان کردووە و گەڕاوەتنەوە باوەشی ئیسلام ، کە بە پێینوسی خۆیان نووسیویانە(5) وە هێندێکیشیان ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە دوای گەڕانەوەیان بۆ ژیانی ڕاستەقینە ، خەڵکیشی بانگ دەکەن بۆ ئەم ئاسوودەیەی کە بە دەستیان هێناوە (عودە و دعوە) واتـــە: گەڕانەوە بۆ باوەشی ئیسلام ، پاشان خەڵکیش بۆ پەیامی ئیسلام بانگهێشت دەکات .

1- لەو گەنجانەی کە پێشتر خەریکی کاری لاساری بوو دەڵێت :

دوای ئەوەی بڕیاری تەوبەی ڕاستەقینەم دا وە بڕیارم دا پەیوەست بم بە دینی خوا ، وە گوتم : لەمەودوا دەبێت خەڵکی هان بدەم و بانگ بکەم بۆ کاری چاکە ، هەر وەکو چۆن

پێشتر خەڵکم هان دەدا بۆ کاری خراپ و فەسادی ، لە کۆتایی ووتەکانم دا ڕووی ئامۆژگاریەکانم دەکەمە هەموو لاوان و دەڵێم : گەنجانی موسڵمان هەرگیز ئاسوودەییتان چەنگ ناکەوێت لە گەشت و گوزاری ناشەرعی و خواردنی (مەیی) و موخەدەرات و لاساری ، بەڵکو ئاسوودەیی ڕاستەقینە لە ئیسلام بە پەیوەست بوون بە دینەوە چەنگ دەکەوێت...ئاسوودەیی ڕاستەقینە لە خزمەت کردنی دینی خوا چەنگ دەکەوێت...لە فەرمان کردن بە چاکە و قەدەغەکردنی خراپە چەنگ دەکەوێت .

لاوانی بەڕێز چیتان بۆ ئیسلام کردووە ؟

جـــیی پـــەنـــجـــەتـــان چـــی دیـــــــارە ؟

ئـــــا ئەوە پەیـــــامەکەتـــــانـــــــــە ؟

شباب الجيل للإسلام عـودوا *** فأنتم رُوحُـهُ وبكـم يَسُود
وأنتـم سِـرُّ نهضتِهِ قديمـاً *** وأنتم فَجْـرُهُ الزاهي الجديد

واتـــه :    گەنجی هاوچەرخ بگەڕێوە بۆ باوەشی ئیسلام، ئێوە ڕوحی ئەم ئیسلامەن هەر بەئێوەش بەڕێز دەبێت هەر بەڕاپەڕینی پێشتری ئێوەبوو ئەم ئیسلامە بلاّو بۆوە*وە هەر ئێوەشن کە خۆری تازەی ئیسلام سەرلەنوێ هەڵبێتەوە

**2**- ئەم گەنجە (ح.م.ج) دەڵێت :

( لەو ڕۆژەی کەوا دەرچووم لە ماڵەوە بەرەو مزگەوت ، ئا لەو ڕۆژەوە ــ سوپاس بۆ خوا ــ دڵم پەیوەست بووە بە ماڵەکانی خواوە و لێم جیا نابێتەوە ، وە بڕیارم دا بەردەوام بم لەسەر کاری چاکە و ئامادە بوون لەو ووتارانەی کەوا دەدرێت لە مزگەوتەکان ، زۆر سوپاسی خوای گەورە دەکەم کەوا هیدایەتی دام بۆ ڕێگای ئاسودەی ڕاستەقینە ) .

**3**- ئەم ئافرەتەش دوای گەڕانەوەی لە جیهانی مۆدیلات و سفوری بۆ باوەشی ئیسلام دەڵێـــت :

( به ڕاستی دوای پەیوەست بوونم بە دینی خواوە هەست بە کامەرانیەکی وادەکەم کە هەموو دڵمی داگرتووە ، جا بۆیە دەڵێـــم : ناگونجی کەسێک هەبێت من لەو زیاتر پەیوەست بم بە دینی خواوە کەچی ئەو لە من کامەرانتر بێت ، گەر بێتوو ئەو کەسە دنیاش لە بەر چاوی هەڵخرا بێت ، یان لە هەموو کەسێک دەوڵەمەنتربێت ناگونجێت ئەو لە من کامەرانتر بێت .

ئەو شتەی کە زۆر یارمەتی دام لە سەر پەیوەست بوونم بە دینی خواوە دوای یارمەتی خوا ، ووتنەوەی وانە بوو کە دەمگووتەوە ، وە خوێندنەوەی ئەو پەرتوکانەی کە باسی بەهەشت دەکەن ، باسی ئەوە دەکەن کە ئەوەی لە بەهەشت دا هەیە نەچاو بینیویەتی نەگوێ بیستویەتی نەبەدڵی کەسیشا هاتووە ، لە جل و بەرگ و جوانی و سەردانی نێوان خەڵکی ، ئا ئەوانە خۆشەویسترین شت بووە لە دڵی من دا ، جا بۆیە هەر کاتێک بم ویستایە بەرگێک بکڕم کە لە خۆم زیاد بێـــت

پێویستم پێی نەبێــت ئەوا نەمدەکڕی و دەمگووت : لە بەهەشت لەبەری دەکەم کە زۆر باشترە لەوە ) .

**4- ئافرەتێــکی تەوبەکار دەڵێــت :**

( هەر کاتێک ببینم کەنەفسم دەیەوێت خراپەیەک بکات یان کارێک بکات ، کە خوا پێی ناخۆش بێت دەست بەجێ یادی بەهەشت و خۆشیەکانی دەکەمەوە کە هەرگیز کۆتایی نایەن ، وە یادی ئاگری دۆزەخ دەکەمەوە ، جا ئەو کات لە بێ ئاگایەکەم بەئاگا دێمەوە .... سوپاس بۆ خوا ئەو شتانەم هەمووی لەناو بردوو نەجاتم بوو لەو شتانەی کە خوا پێی ناخۆش بوو وەکو گۆڤاری خراپ و ڕۆمانی بێ ئەخلاق و چیرۆکی بێ سوود و بێ کەڵک ، وە ئەو کاسێتانەش کە گۆرانی بوون ئەو شتانەم لە سەر تۆمار کرد کە خوا پێی خۆشە لە قورئان و فەرمودە و ووتار و سروود ) .

**5-** هونەرمەند (محسن محی الدین) و خێزانەکەی (نەسرین) دەڵێن :

( بە ڕاستی ئێمە ڕاستەقینەیەکمان بۆ ڕوون بۆوە و پێی گەیشتین ، ئەو ڕاستەقینەیەی کەوا پێویستە هەموو کەسێک پێی شاد بێت ، ئەویش ئەوەیە مرۆڤ هەر چەند تەمەنی درێژ بێت ئەوا چارەنووسی هەر بەرەو گۆڕ چوونە ، ئەو کاتیش هیچ شتێک سوودی پێناگەیەنێت تەنها کارە چاکەکانی نەبێت ) .

**6-** گەنجێکی تەوبەکار دەڵێت :

( ئەو شەوەی کە تەوبەم کرد وام هەست دەکرد کە ئەم شەوە تازە لە دایک بوومە ، وا گۆڕام دەتگووت من ئەو کەسەی پێشتر نیم... پاشان ڕووم کردە خوێندنەوەی قورئان و گوێم گرت لە کاسێتی بە سوود ) .

7- ئافرەتێکی هونەرمەندی بەناوبانگ کە تەوبەی کردووە و دەڵێت :

( داوا دەکەم لە خوا و ئومێدم وایە کە خوا بمکات بە پێشەنگی چاکە و بانگ کردنی خەڵکی بۆ کاری چاکە ، هەر وەکو چۆن پێشتر من پێشەنگ بووم بۆ کاری خراپ و هونەری خراپ ) .

گەنجەکانمان دەست هەڵگرن لەو کارانەی کەزیانتان پێ دەگەیەنێت لە دنیا و دوا ڕۆژ ، ڕوو بکەنە ئەو کارانەی کەوا کامەرانی و ئاسوودەییتان پێ دەبەخشێت ، وە ئومەتە ژێر دەست و بریندار و داماوەکەتان پێی ڕزگار دەبێت ، بەڵکو خەڵکی گشتی ئەو کات بە دوارۆژتان دڵ خۆش دەبێت ، گوێ بگرن بۆ کاسێتی بەسوود و چاک ، وە ئامادەی ووتار و کۆڕی چاک بن ، وە دۆستایەتی برادەری چاک بکەن ، هەوڵ بدەن چاکسازی بە خەڵکی بگەیەنن ، ئەو کارانە بکەن کە سەری ئومەتەکەتان پێی بەرز بێت ، وە دووربکەونەوە لەو

کارانەی زیانیان هەیە ، لە کاری خراپ و فیتنە و دۆستی خراپ کە یارمەتیت نادات بۆ کاری چاکە و ڕەزامەندی خوا ، بەڵکو یارمەتیت دەدات بۆ کاری خراپەکاری و تووڕەیی خوا .

لاوان خوای گەورە لاوانێـــکی دەوێـــت کە تامەزرۆی بەهەشـــت بن (6) هەر وەکو (حرام)ی کوڕی(ملحان) تامەزرۆی بەهەشت بوو ، تامەزرۆیەکەی بەو شێوەیە بوو کاتێک کافرەکان ڕمێکیان لە پشتەوە لێی دا و لە پێشەوە دەرچوو ئا لەو کاتەدا کەخەڵتانی خوێن ببوو و خوێنی پیا ئەهاتە خوار ئەو دەیگووت : "سوێند بە پەروەردگاری کەعبە بردمەوە ... سوێند بە پەروەردگاری کەعبە بردمەوە"(7) .

لاوان ئەم ئیسلامە لاوانێکی دەوێت کە تامەزرۆی سەربەرزی و سەرکەوتنی ئیسلام بن ، نەک تامەزرۆ شتی تڕوهات بن کە بە سەرقاڵبوونتان بەم شتانە دوژمنان دڵ خۆش دەبن .

تـــــرى هــــــــــــل يّرجع الماچى فىٕ ***

رژوب لـــژلک المــــاچى حنينـــــــــــــــــــــــا

واتـــه : تـــۆ بڵـــێـــی ڕابـــردوو بـــگەڕێــتـــەوە *** به ڕاستی من بـــۆ ڕابردوو پەژارەدارم

لاوان ئەم ئیسلامە لاوانێکی دەوێت کە سلڕ نەکەن بۆ خراپەکاری و دوژمنای دین ، بەڵکو بە ئاگا بن لە تەڵەکەکانیان و پووچەڵی بکەنەوە لە کاتێکدا کە لە جیاتی هەنگوین زەهریان دەرخوارد دەدەن .

نحن صممنـــــــا وأقسمنا اليمين ** أن نعيـــــــــــش

ونموت مسلمين

مستقيمين علـــــى الحق المبين *** مُتَحَـــــــــدِّين ضلال المُبطِلين

واتـــه : ئێمە بڕیارمان داوە و سوێندمان خواردووە *** کە بە موسڵمانی بژین و بە موسڵمانیش بمرین
بەردەوام لە سەر ڕاستە ڕێی ئیسلام بین *** وە گومڕایی سەرلێشێواوانیش پووچەڵ بکەینەوە

لاوان ئەم ئیسلامە لاوانێـــکی ڕاست گۆی دەوێـــت ، کە وەکو مۆم بتوێـــنەوە بۆ خزمەتیدینەکەیان **(8)**.

جَـــــــدِّدِ العهدَ وبَادِر للجهـــادِ ** بَلِّـــــــــغ الدعوةَ في كل البلادِ

طَفَـــــحَ الكيلُ بظلمٍ في الورى ** وسَـــــــرَى الكفر مُجداً

في العبادِ

واتـــه : پـــەيـــامەکەت تـــازە بکەوە و تـێـبـکۆشـــــــە*

دیـــنی خوا بگەیەنە هــــەمـــوو شـــارۆچکەیەک ستەم لە

هەموو شوێنێک تەشەنەی کردووە ** وە کوفریش لە هەموو

شوێنێک بلاوەی کردووە

ئێستاش فەرموون ئێوە و کۆمەڵە شیعرێک لە دڵەوە ، کۆمەڵە

شیعرێک کە شاعیران ڕوویان کردۆتە گەنجان ، کەوا ئێوەن

ئومێدی ئەم ئوممەتە بەڵکو خەبەرتان بێتەوە لە خەوی بێ ئاگایی

...

أعيــدوا مجدنا دنيـاً ودينــا *** وذُودُوا عن تراث

المسلمينا

فمـــن يَعْلُــو لغير الله فينا *** ونحن بنو الدعـاة

الفاتحينــا

واتـــه : لاوان سەربەرزی دین و دنیامان بۆ بگەڕێنـــەوە

خـــورەوشـــتی مـــوســـڵـــمانانەمان بـــۆبپـــاریـــز هــــــەر

کەسێـــک بۆ غەیری خـــوا بەرز بێـتـــــەوە *** ئێمــەش

نەوەی ئەو بانگخوازەین کە رزگارکەرن

شبابنا قـد حـان أن تعودوا *** لواحة الإيمان كي

تســـودوا

غداً بِكُـــم سَيُسعَدُ الوُجُودُ *** ويُكَبَتُ المستعبدُ

العنيــــدُ

واتــه : لاوەکانمـان ئێـستـــا کـاتی ئـەوە هاتـــووە

بگەڕێـنــەوە *** بـۆ بـەهـاری ئیـمـــان تـــاکو

ســــەر بــەرز بـــــــن

گەر وابێت سبەی هەموو بوونەوەر پێتان کامـەران

دەبێت *** وە دوژمنانی خۆپەرستیش دڵ تەنگ و خەفـەتبار

دەبن

بـــــا دروشميشتـــــــان بهم شيّــوه بيّـــت :

أنا مسلمٌ أبغي الحياةَ وسيلةً *** للغاية العُظمَـــــــى

وللميعــادِ

لرِضا الإله وأن نعيش أعزةً *** وَنُعِدّ للأخـــــرى

عظيم الـزادِ

أنا مسلمٌ أسعى لإنقاذ الورى *** للنـور للإيمــان

للإسعـــــــادِ

ويرُوعُنِي هذا البــلاء بأمتي *** لما تَخَلَّتْ عن طريق

الهـادي

واتــه : من موسڵمانم ئەم ژیانە دەكەمە هۆیەك بۆ مەبەســتی گرینگ ، بۆ دوا ڕۆژ ، دەیكەمە هۆیەك بۆ ڕەزامەندی خوا ، بۆ ئەوەی بە ســەربەرزی بــژیم ، دەیكەمــە هۆیــەك بــۆ كۆكردنەوەی توێشوو بۆ دوارۆژ ، من موسڵمان تێدەكۆشم بۆ ڕزگار كردنی خەڵكی بەرەو نــووری ئیمــان و كامــەرانی ، بەڕاستی من زۆر دڵ تەنگ و نارەحــەتم ، بــەو ناخۆشــی و بەڵایەی بە سەر ئوممەتەكەم دا هاتووە ، ئەمەش لە كاتێــك دا وایان بە سەرهات كە لایان دا لە ڕێگاڕاستی ئیسلام .

بـــــا ئەمەش غەم و هەمتان بێـــت :

همنـــــــا نَمْضِي ونُعلِـي رايـة القرآن

همنا في الكون أن تَعْلُو ذرى

الإيمـان

همنـــا أن يَسعدَ الإنسان في كل مكــان

همنا أن تُسعدَ الدنيـا بترديـد

الأذان

همنــــــــا يا إخـوتـي *** أن تَسُــــــــــودَ أمتي

أن تُــــــرَى في القمةِ *** تحمــــــــــل القرآن

همنـــــــــــا أن نقتدي *** بالرســـــــــول الأمجدِ

كـي نفـــوز في الغدِ *** فـي حِمَـــــى الرحمن

يا شباب همنـــــــــــــا *** أن يَعُـــودَ عِزّنـــــــــا

أن تَعُـــود للدنـــــــــا *** نسمــــــــة الإيمـــــان

واتـــه : غەمان بەرزی مەشخەڵی قورئانە ، لەم بوونـــەوەرەدا

غەمان ئەوەیە چلەپۆپەی ئیمان بەرز بێتەوە ، غەمان ئەوەیە کە

مرۆڤـــ لە هەر شوێنێک بێت کامەران بێت ، غەمان ئەوەیە کە

مرۆڤـــ کامەران بن بە سەدای بانگ ، بەڕێزانم غەمان ئەوەیە

که ئوممەتەکەمان سەر بەرز و سەرکەوتوو بێت ، که ببینرێت هەڵگری قورئانەو لەو پەڕی سەر بەرزی دایە، غەممان ئەوەیــە که شوێنکەوتەی پێغەمبەری بەڕێز بین ، تــاکو بــەیانی ســەر بەرزی لای خوای گەورە بە دەست بێــنین ، لاوان غــەممان ئەوەیە که عیزەتمان بۆ بگەڕێتەوە ، غەممان ئەوەیە که شــنەی شەماڵی ئیمان دەست بەسەر دڵان دا بگرێت .

لاوان ئێستا کاتی ئەوە نەهاتووە بگەڕێینەوە ؟

**کاتی ئەوە نەهاتووە واز لە گوناه و تاوان بێنین ، کاتی ئـــەوە نەهاتووە ببینە بانگ خوازێک بۆ ڕێگای ڕاستی ئیســـلام .**

خوای گەورە دەفەرموێ **: ( وتوبـــوا الى اللـه جميعاً أيها المؤمنون لعلكم تفلحـــــــــون)** (سورة النور:31)

واتـــه : **ئـــەی بـــڕواداران بـــگەڕێـــنـــەوە و ڕەوو بـــکەنـــە خـــوا ، تـــاکو ســـەرفـــراز بـــن .**

بَنِي الإسلامِ قد آنَ لنَا أن نَطْرَحَ الرانَا

ونُصبحَ للهُدى جُنداً وفي الإسلام إخوانَا

ونُحيـي مجدنـا الماضـي ونُرْجِعَـهُ كمـا كَانَـــــــــــــــا

بني الإسلام يا أحفاد عمـارٍ وصـفوانِ

وزيدٍ وابن عوفٍ وابن عبـاسٍ وسلمــانِ

علـى آثارهـم سِيـرُوا تكونـوا خَيـر فِتيـــــــــــــــــانِ

غداً يا إخوتي نحيا حياة جُدودِنا الصيدِ

غداً سَنُحَرر الأقصى من الرجس المناكيدِ

غـداً سُنـرتل القـرآنَ فـي رومـا

ومـدريـــــــــــــــــدِ

ڕۆڵەکانی ئیسلام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە گوناه بەلاوەنێین ،

ببین بە سەربازێک بۆ ڕی پیشاندانی خەڵکی بۆ ڕێگای هیدایەت

ببین بە دۆستێـــک بۆ ئەم ئیســـلامە ، با ئەو سەر بەرزییەی

کە پێـــشوو هەمان بوو زیندوی بکەینەوە و بگەڕێینەوە ،

ڕۆڵەکانی ئیسلام نەوەکانی (عمار) و (ێفوان) و (زید) و (ابن

عوف) و (ابن عباس) و (سلمان) لە سەر شوێن پیی ئەوان

بڕۆن ، ئەو کات دەبن بە چاکترین لاوانی ئەم سەردەمە ،

بەڕێزانم بە پشتیوانی خوا دوای ماوەیەکی کورت سەر بەرزمان

**بۆ دەگەڕێتەوە و بە سەر بەرزی دەژین وەکو پێشینانی چاو**

**نەترسمان ، بە پشتیوانی خوا (قودس)** رزگاردەکەن لە دەستی

**جوولەکەی ناپاک ، بەپشتیوانی خوا بەیانی قورئان دەخوێنین لە**

**(روما) و (مدريد) (9) .**

**شبابنا ننتقــــــــــــرکم !! فلا تخيبوا الآمــــال فيکـــم!!!**

واتـــه : **لاوانمان چاوەڕوانی خێرتان لێ دەکەین ، ئێوەش بـــێ ئومێدمان مەکەن .**

خوای گەورە دەفەرموێ :**(يا أيها الذين آمنوا استجيبــــــوا لله وللرسول إذا دعاکم لما يحييکـــــــــم واعلمـــوا أن الله يحول بين المرء**

وقلبه وأنه إليـــه تحشــــــــــــرون) (سورة الأنفال آية:24)

واتـــه : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ، بە دەم بانگەوازی خوا و پێغەمبەرەوە بچن ئەگەر بانگیان کردن بۆ بەرنامە و ڕێبازێک کە دەتانژیێــــنێــــتەوە و ژیان بەخشە ، چاک بزانن خوای گەورە زۆر بە ئاسانی دەتوانێت دەسەڵاتی بکەوێتە نێوان ئادەمیزاد و ئاواتەکانی دڵیەوە بە گۆڕینیان ، بێ گومان هەر بۆ لای ئەویش کۆ دەکرێنەوە .

به پشتیوانی خوا تەواو بووم لە وەرگێرانی ئەم نامیلکەیە

خوایە بۆم بکەی بە توێشووی دوارۆژ .

فەرمان نجار

**2005/7/20**

1- بڕوانــــه دیـــوانی (إلـى أمتـي) ، د.عبدالرحمن العشماوي .

2- خۆزگه گوێتان بۆ ئەم کاسێتانه بگرتایه (الشباب/ألـم و أمـل) وه (الفتـات/ألـم و أمـل) وه (الرجـل الألـف) وه (علـى قسم الجبـال) خۆزگـــه ئـــەم نامیلکانەشتان بخوێــندبایەوە (مأستنا والحل) وه (کیف أخدم الإسلام) .

3- خــۆزگه گوێــتان بۆ ئــەم کاسێـــتانه بگرتایــه (حاولنا فوجدنا النتيجة) وه (قوافل العائدين) وه (كيـف تقـوي إيمانـك) وه (نهايـة السـعداء) وه (قصـص لاأنسـاها) له گەلێ ماڵپەڕی (ذکری) له سەر تۆڕی ئینتەرنێت .

4- زۆرێک له لاوانی کوڕ و کچ گلەیی ئەوە دەکەن که کاتیان زۆرە و نازانن له چیا سەرفی بکەن ، ئەمـــەش بۆیه تووشیان هــاتووە چــونکه دەرگــای ژیــانی ڕاستەقینەیان له خۆیان داخستووە ئەو ژیانەی کــه

خوای گەورە ئێمەی بۆ دروست کردووە ، ئـــەوان تامی ئەو ژیانە ڕاستەقینەیان نەکردووە چونکە ئـــەم ژیانە ڕاستەقینە پڕیەتی لە شتی گرینگ کـــە مرۆڤـــــ کاتی زیادی نامێنێت بە فیڕۆی بدات ، چۆن وانیە کە ئەو دەژێـــت بۆئەوەی مرۆڤــ جێ نشین بێـــت لـــە ســـەر زەوی ، وە دینی خوا بلاو بکاتەوە لـــە زەوی دا ، وە هەڵسێت بە جێ بەجێ کردنی ئەو فەرمانـــە گرنگانەی کە پێیێ سپێردراوە .. بەلاَم ئەو کاتـــەی سەرفی دەکات زۆر کامەرانە ، چونکە ئەو کاتەکەی لە شتێک سەرفــ دەکات کە لەبەر ئـــەو دروســـت کراوە لە ڕۆژێک دا کە هیچ شوێنەواریشی نەبـــووە .

نقل فؤادك حيث شئت من الهوى *** ما الحب إلا للحبيب الأول

**5-** ئەمەم لە زنجیرە نامیلکەی (العائدون الى الله) وەرگرتووە ، دانراوی شێخ محمد المسند .

6- خۆزگە گوێ بیستی ئەم کاسێتانە بوونایە : (المشتاقون إلى الجنة) د.محمد العريفي، وە (صفة الجنة) د.سعيد بن مسفر، وە (ريح الجنة) محمد حسين يعقوب، وە (البدر إلى دار الأبرا ر) .

7- ئـەم چـیرۆکە (البخاري) ریـوا یەتی کردووە ، وە (ابن کثیر)یش لە (السیرة النبویة) بـاسـی دەکـات .

8- بانگ کردنی خەڵکی بۆ دینی خوا واجبە لە سەر هەر کەسێک کە توانای هەبێت ، چونکە هەموومان لێپرسراوین لەم بوارەدا ، کارێکی ئاوا گرانیش نیە کەوا گومان دەبرێت ، وە بواری بانگخوازیش زۆرە وەکو : ئاگادار کردنەوەی خەڵکی لە کاسێت و نامیلکەی بەسوود ، چونکە جاری وا هەیە کاسێتێک یان نامیلکەیەک کەسێک بە هۆیەوە هیدایەت وەردەگرێت ، ئـا لەو کاتەدا خێر و چاکەکانی بۆ

تۆشه به هه‌مان شێوه ، هه‌روه‌ها له سه‌ر تۆڕی ئینته‌رنێت ماڵپه‌ڕی چاک و به‌سوود هه‌یه وه‌کو : (صيد الفوائد) وه (كن داعياً) وه work 4 ( islam) .

9- ئه‌مه ئاماژه‌یه بۆ ئه‌م فه‌رمووده (صحيح)ه‌ى كه پێـــغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) مژده‌ى پێ داوین کاتێک باس له‌وه ده‌کات که موسڵمانان (روما) فتح ده‌كه‌ن ،جـــا ئه‌وه گومانی تیـــا نیه كه ئه‌م (فتح)ه گه‌وره‌یه ڕووده‌دات به پشتیوانی خوا و ئه‌گه‌ر بێتوو خه‌ڵكی ڕاستگۆبن له گه‌ڵ خوادا ، گوێڕایه‌ڵی فه‌رمانی بن ،بانگ خوا زی دینه‌كه‌ى بن ، بڕوانه ئه‌م فه‌رمووده‌یه له (سلسلة الأحاديث الصحيحة) (ج1/ص7) دانراوى (الألباني) .

www.regayrasty.com